# سةنتةري بةرطري لة مافةكاني منالآن

---

## بەياننامە

### (توخوا مەهێڵن چاوەكانم دەربهێنن ، خەڵكینە فریام كەون...!! )

ئەمەی بیستتان قسەی من نییە ، هاوارو قریشكەو گریانی (واحید)ە ، كە چركە دوای چركە دواین ساتەكانی ژیانی بەسەر دەبات و دەیەوێ بۆ دواجار چاوەكانی بگێرێ بەسەر هەموو شتێكی جواندا لە ژیانیدا و پڕ بە دڵی خۆی تێیان پڕوانێ.

واحید منالە كرێكارێكی تەمەن 14 ساڵەو خەڵكی ئێرانە و دانیشتوی تارانە، سەرەڕای هەموو بەدبەختیەك كە لە میانی كاركردندا و لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە ، سەرباری ئەوەی كە واحید لەم تەمەنە منالیەیدا ئەركی بەخێوكردنی خێزانەكەی وە ئەستۆگرتووەو جەستەی ناسكی واحید ڕۆژانە لە ژێر سەختی و قورسی كاركردندا تەواو شەكەت و ماندوودەبێ. كەچی هێشتا واحید بەم جەهەنەمەی كە پێی دەڵێن ژیان ڕازیە. بەڵام ئێستا ئیتر دادگای ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران بڕیاریان داوە كە چاوەكانی واحید هەڵكۆڵن و بینایی لەدەست بدەن.

ڕووداوەكەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە كە ، لە كاتی كاركردندا واحید تووشی كێشەو دەمەقاڵی یەك دەبێت لەگەڵ یەكێك لە منالە كرێكارە هاو تەمەنەكانیدا ، ڕەفیقەكەی دەیەوێت كارەكە لە واحید داگیر بكات ، بۆیە واحید بڕێك تێزاب هەڵدەدات بەسەروچاوی هاورێكەیدا و دەبێتە هۆی لەدەستدانی بینایی هاوڕێكەی، هەر بۆیە دادگای تارانی جمهوری ئیسلامی ئێران لە دوا دانیشتنیاندا بڕیار دەدەن كە بە پێی حوكمی ئیسلام دەبێت هەردووك چاوەكانی واحید هەڵكۆڵن و كوێری بكەن ، چونكە ئەو بووەتە هۆی لەدەست دانی بینای منالێكی هاوتەمەنی خۆی.

خەڵكی ئازادیخواز ، مرۆڤدۆستان و لایەنگرانی مافەكانی منالان... ئێمە لەسەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان وێڕای مەحكوم كردنی ئەم بڕیارە دژی ئینسانییەی جمهوری ئیسلامی داوای دەست بەجێی ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوە دەكەین، وە بە هاوكاری ڕێكخراوەكانی بەرگر لە مافەكانی منالان لەهەوڵی پوچ كردنەوەی ئەم بڕیارە نامرۆڤانەیەی جمهوری ئیسلامی ئێران دەبین. ئەم بڕیارو یاسایەی جمهوری ئیسلامی ئێران یاسای جەنگەڵە نەك یاسای مرۆڤ ، نەك لەتەك منالان بەڵكو لە تەك هیچ گیانلەبەرێكدا مرۆڤ بۆی نییە بەم شێوەیە مامەڵە بكات وچاوەكانی كەسێك بەزیندووی هەڵكۆڵن ، ئەم وەحشیگەرییە پێویستی بە دەنگ هەڵبڕینی ئێوە هەیە ، ئێوە دتوانن بە ئیعتڕازو ناڕەزایەتیتان فەرمانی هەڵكۆڵینی چاوەكانی واحید ڕابگرن و بڕیاری دادگای جمهوری ئیسلامی ناكام بهێڵنەوە. بۆ ناردنی نامەی ناڕەزایەتی دەتوانن سود لەم ژمارە تەلەفۆن و فاكس و مەیل ئادرێسانە وەربگرن.

واحید ئومێدی بە هاوكاری و پشتیوانی ئێوەی ئازادیخوازو بەرگریكەر لە مافەكانی منالان و بە گشتی مرۆڤ هەیە.


شێرزاد فاتح

سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان

sherzad_f@yahoo.com

**27-06/2005**


**Address:**
Leader of the Islamic Republic
Ayatollah Sayed ‘Ali Khamenei
The Presidency
Palestine Avenue
Azerbaijan Intersection
Tehran

Islamic Republic of Iran
F ax: +98-21-649 58 80
Fax: +98-251-774 2228
(Please mark "For the attention of the Office of Ayatollah Khamenei)
info@wilayah.net
Head of the Judiciary

**Ayatollah Mahmoud Hashemi Shahroudi**
**Ministry of Justice**
**Park-e Shahr**
**Tehran**
**Islamic Republic of Iran**
Email: irjpr@iranjudiciary.org
iranembassy@indigo.ie
Iranemb@salamiran.org

---